حکومەتی هەرێمی کوردستان
سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران
وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی
سەرۆکایەتی زانکۆی کۆیە



# دڵدار

## شاعیری ڕەسەنایەتی زمان و شیعرو هزری نەتەوەیی

### باسەکانی سێیەمین کۆنفرانسی ناودارانی کۆیە
### یادی سەدساڵەی لە دایکبوونی دڵدار
### ٢٠١٨-١٩١٨

**بەسەرپەرشتی : د. عوسمان دەشتی**

٢٧١٨ کوردی ٢٠١٨ زایینی

دیزاین: خەلیل هیدایەت مام شێخ
شوێنی چاپ: چاپخانەی ڕۆژهەڵات / هەولێر

## پێرست


١. وتاری سەرۆکی زانکۆی کۆیە..........................................................٥

٢. وتاری لیژنەی زانستی کۆنفرانسی دڵدار.............................................٧

٣. تەوەرەکانی کۆنفرانس ...................................................................٩

٤. پانێلەکان........................................................................................١١


### ئەی رەقیب


٥. شاعیرێتی دڵدار و لێکدانەوەی سرودی ئەی ڕەقیب - پ.د.رەفیق شوانی........................٢٠

٦. ڕەهەندە مێژووییەکانی هۆنراوەی (ئەی ڕەقیب) ی دڵداری شاعیر-
پرۆفیسۆری یاریدەدەر دکتۆر کەیوان ئازاد ئەنوەر............................................................٣٤

٧. سروودی نیشتیمانی(ئەی ڕەقیب) لەژێر ڕۆشنایی پێوەرەکانی سرووودی وڵاتانی دیکەدا

٨. لەڕووی ناوەرۆکەوە لێکۆڵینەوەیەکی بەراوردکارییە
م.ی.سەنگەر نازم حسێن/ زانکۆی کۆیە پ.ی.د. ڕێزان ساڵح مەولود/ کۆیە.................٥٦


### ڕەنگدانەوەی قوتابخانەی ئەدەبییەکانی لە شیعری دڵداردا


٩. دڵدار و ڕیالیزم لە شیعری کوردیدا - د. سروشت جوهر حوێز................................................٧٧

١٠. دڵدار لە کایەی ڕێبازە ئەدەبییەکاندا- توێژەر: م.ی. ئەڤین ئاسۆس حەمە......................١١٥


### جیهانبینی ئەدەبیانەی دڵدار


١١. بونیادودەربڕینی چەمکی کات لەچیرۆکە شیعرییەکانی دڵداردا-د. شیروان حسین .........١٤٤

١٢. ناسنامەی لاو لە جیهانبینی شیعری دڵداردا- م.محەمەد ئەحمەد حەسەن ......................١٦٠

١٣. کەسایەتی و بژاردەی کەسییەتی لەدیدی دڵدارەوە-م.ی: ڕێزان عوسمان مستەفا..............١٧٧


### ڕۆڵی سیاسی و مێژوویی دڵدار


١٤. بەشداری دڵدار لە پارت وکۆمەڵە سیاسییە کوردیەکاندا١٩٣٦-١٩٤٨-
ئامادە کردنی: د.قارەمان نادر محەمەد......................................................................٢١٠

١٥. ڕۆڵی یوونس رەئووف( دڵدار) لە دامەزراندنی کۆمەڵەی دارکەر ١٩٣٧
م زانا طیفور عبدالصمد...........................................................................................٢٣١


### زمانی شیعریی دڵدار


١٦. تیرۆرکردنی زمانی کوردی و کاردانەوەی لای دڵداری شاعیر- م. تەلار صباح عمر.............٢٦٢

١٧. شیکردنەوەیەکی پراگماتیکی دەقە شیعری (ئەی ڕەقیب)، بەپێی تیۆری کردە قسەییەکان
م.ی. چیا عەلی مستەفا - م. بڕوا ڕەسول ئەحمەد.........................................................٢٧٨

**ناسیونالیزم و ئەدەب**


١٨. ناسیۆنالیزم و شوناسی نەتەوەیی لە شیعری دڵدار و فەرڕوخی یەزدی دا

فەرهاد عەزیز حەسەن............................................................................................٢٩٧

١٩. بەستێنی بوونی "ئەی ڕەقیب" بە مارشی نەتەوەیی، لە کۆماری کوردستانەوە تا ئێستا

قادر فەتاح ئەحمەد...............................................................................................٣١٢


**دڵدار و پێگەیشتنی هزری سیاسی و نەتەوەیی**


٢٠. دڵدار(یونس رەئووف)لە نێوان بیری نەتەوەیی و چەپگەریدا-

د.هیوا حەمید شەریف............................................................................................٣٢٩

٢١. خویندنەوەیەکی شیکاری بۆ هزری نەتەوەیی لە ژیان و بەرهەمەکانی دڵدار دا

د. سالار عەزیز مەحمود..........................................................................................٣٥٢


**شیعریەتی دڵدار**


٢٢. بنەماکانی شیعریەت لە زمانی شیعری (دڵدار) دا

پ.ی.د.صافیە محەمەد ئەحمەد م.ی. هێرۆ عەبدولرەحمان مستەفا..............................٣٦٨

٢٣. بەهای جوانیناسی لە شیعرەکانی دڵدار دا پ.ی.د.پەخشان سابیر حەمەد.........................٣٩٠


**لێکۆڵینەوەی فارسی لە بارەی دڵدارەوە**


٢٤. مؤلفەهای نوستالژی در اشعار دلدار-پ.ی.د. جیهاد شوکری رشید..................................٤١٤

٢٥. بازتاب مفهوم ناتورالیسم (طبیعتگرایی) در اشعار دلدار

د. فهری اومر سلیمان - م. مسعود خورشید صابر.......................................................٤٣٥

٢٦. بررسی وام گیری کلمات از زبان فارسی در اشعار دلدار

م.ی پخشان محمد محمود- م.ی روژگار محمد صابر......................................................٤٥٠


**زمان و ئەدەب لای دڵدار**


٢٧. بەرپرسیارێتی دڵدار بەرامبەر شیعر و واقیع-م.ی. بێستون عارف عەزیز.........................٤٧٠

٢٨. ڕەنگدانەوەی بیری ناسیۆنالیستی و نەتەوەیی پێشکەوتنخواز لەسروودەکانی دڵداردا

عەبدولواحید ئیدریس شەریف.....................................................................................٤٩٤


❑

# وتاری سەرۆكی زانكۆی كۆیە لە كۆنفرانسی زانستی یادی (١٠٠) ساڵەی لە دایك بوونی دڵداری شاعیر

**ئەی ڕەقیب هەر ماوە قەومی كورد زوبان**
**نایشكێنێ دانەیی تۆپی زەمان**

## ئامادەبوانی كۆنفرانس
## میوانانی خۆشەویست

بەناوی خۆم و سەرۆكایەتی زانكۆ وە پڕ بەدڵ بەخێرهاتنی هەموو لایەكتان دەكەم. زانكۆی كۆیە ئەمڕۆ خۆ شحاڵە كە بە ئەركێكی زێدە پێویستی سەرشانی خۆی هەڵدەستێ. ئەویش بەستنی سێیەم كۆنفرانسی زانستی كەسایەتیەكانی كۆیەیە. بەندە لە زۆر بۆنە و مەراسیم و شوێنی تریش باسی ئەوەم كردوە كە زانكۆی كۆیە ئەركێكی قورسی لەسەر شانە، ئەویش هەڵسان بە لێكۆڵینەوە و ئاوڕ دانەوە و زیندوو كردنەوەی كار و كردار و ئەدگاری كەڵە پیاو و زانا و شارەزا و هونەرمەند و سیاسەتمەدارانی ئەم سنورەیە كە زانكۆی كۆیەی تیادامەزراوە.

ئەمڕۆ لەم كۆنفرانسە دڵداری شاعیری نەتەوەیی و شاعیری چەو ساوەكان، پیاوی ماف پەروەر و ئازاو ئازاد ئێمەی هەموو كۆكردۆتەوە.

بیرۆكەی ئەم كۆنفرانسە لەلایەن كاك حاكم (پێشرەوی سەید برایم) پێشنیاز كرا بۆمان، پشت و پەنا بەخواو مامۆستایانی زانكۆی كۆیە و زانكۆكانی كوردستان و كەسانی تری دڵدار دۆست و بەتوانا ئەم كۆنفرانسەی بەرهەم هێنا كەتیایدا (٣٧) توێژینەوە پێش كەش دەكرێ، وەك دەزانن دواتر بە ڕێڕەوی زانستی پێویست و ئەكادیمی توێژینەوەكان لەلایەن پسپۆڕانەوە هەڵسەنگاندنیان بۆ دەكرێت كە هیوادارین هەموو توێژینەوەكان لە ئاستی زانستی باش و پەسندبن و سەركەون لە هەڵسەنگاندن و دواتر بڵاو دەكرێنەوە. دڵدار ناوی تەواوی ( یونس رؤوف محمود مەلا سەعیدە ) لە بنەماڵەی (خادم السجادەیە) و لە (١٩١٨/٢/٢٠) لە گەڕەكی بەفری قەندی لە دایك بووە.

خوێندنی سەرەتایی لە ڕانیە و كۆیە و ناوەندی و دواناوەندی لە هەولێر و كەركوك و كۆلێژی مافی لە بەغداد تەواو كردوە. دڵدار خۆی دەڵی یەكەم هۆنراوەم لە ساڵی (١٩٣٥) كە خوێندكاری ناوەندی بووە لە هەولێر بەناوی (ڕووناكی) لە ژمارەی (٢) ی گۆڤاری ڕووناكیدا بڵاو كردۆتەوە. واتە تەنها تەمەنی (١٧) ساڵ بووە، ئەگەر ووردبیینەوە لە بەرهەم و تواناكانی ئەو شاعیرە بەهرەمەندە كە تەنها (٣٠) ساڵ ژیاوە دەردەكەوێت كە ئەو بلیمەتە ئەگەر زیاتر لەسەر شانۆی ژیان بمابوایەوە چی شاكار و كاری مەزنی تری دەبوو. سروشتیە دڵدار لە ژینگەی كۆیە و كوردستان بە شاعیرانی تریش سەرسام بووە وە كاریگەریان هەبووە لەسەری. شعیری ئەم شاعیرانەی خوێندۆتەوە (عەونی ، ڕاجی ، عاسی ، سافی ، وەفایی ، پیرەمێرد و بێ كەس) بەڵام نالی و حاجی قادر زۆرتر كاریگەریان لەسەر داناوە وە من دەتوانم بڵێم حاجی لە هەمووان زیاتر. دڵدار شاعیری چەوساوە و زەحمەتكێشانی كوردستان بووە، كاری سیاسیشی كردوە لەگەڵ داركەر و حیزبی هیواو دواتریش حیزبی رزگاری نیشتمانی. بە هەموو پێوەرێك بلیمەتێكی سەردەمی خۆی بووە بەڵام موخابن لە مانگی تشرینی دووەمی ساڵی (١٩٤٨) بەكارەساتی (ژەهراوی بوون) گیان لە دەست دەدات و بەبێ نازی و بێ كەسی لەشاری هەولێر دەنێژرێت، دواتر گلكۆی دڵدار هێنراوەتەوە گۆرستانی كەكۆن لە كۆیە.

# ئامادەبونی کۆنفرانس، مامۆستایان

سەیرکەن دڵداری شاعیر لە چلەکانی سەدەی ڕابردو واتە زیاتر لە (٧٠) ساڵ لەمەوبەر جگە لە شارەزایی تەواوی لە ڕێزمان و زمانی کوردی، زمانی ئینگلیزی و عەرەبی و تورکیشی زانیوە، ئەمە دەبێ بۆ ئێمە جێگای هەڵوێستە بێ. چونکە بۆ مامۆستا و توێژەر و نوسەر و لێکۆڵەر هەر بەتەنها زانینی یەك زمان بەس نیە، بۆیە لەم بۆنەیەدا داوا تان لێ دەکەم کە چەندی بۆ تان دەکرێ هەوڵی فێربوونی زمانەکانی تری گرنگ بدەن وە بە تایبەتی زمانی ئینگلیزی.

ئێستا لە هەندێك وڵاتانی دونیا جگە لەدەرهێنانی ئاماری ڕێژەی خوێندەوار و نەخوێندەوار و ئاستی بڕوانامەکان ڕێژەی ئەو کەسانەش دەردەهێنن کە لەیەك زمان زیاتر دەزانن. وە زمانی ئینگلیزی بۆتە زمانێکی (International) ی وا کە ڕۆژ دوای ڕۆژ بەکارهێنەرانی لەسەر تاسەری دونیا زیاد دەبێت وە وەزارەتی خوێندنی باڵا و زانکۆی کۆیەش بە گرنگی لەو بابەتە دەڕوانن و هانی خوێندکاران و مامۆستایانمان دەدەین بۆ خۆفێرکردن و فێربوونی زمانی ئینگلیزی.

وە ئەو کۆنفرانسەمان هاوکاتە لەگەڵ رۆژی زمانی دایك کە بەڕاستی زمانی کوردی پێویستی بەوەیە کە بە دونیا و دەروبەر زیاتر وباشتر بناسرێنرێت. وە سەرۆکایەتی بەشی زمانی کوردی ڕادەسپێرین و جەخت لەسەر داوای دوو ساڵ لەمەوبەر دەکەینەوە ئەگەر بەیانی چەند خوێندکارێکی بیانی (ئەوروپا ، ئاسیا ، ئەمریکا) هاتن یان بیانەوێت بێن لێرە لە بەشەکانی زانکۆمان بخوێنن خۆ دەبێ لە زانکۆ و سەنتەری زمانی زانکۆ بەرنامە و پرۆگرام و مامۆستای وا هەبێت کە ئەم کارە ئەنجام بدەن. هەمووتان دەزانن کە خوێندکاری کوردستان (لە بنەڕەت و دواناوەندی) یە وە زمانەکانی ئینگلیزی و عەرەبی دەخوێنن بەڵام کە دێن بۆ زانکۆ و پەیمانگاکان ئاستی هەردوو زمانیان زۆر زۆر خراپە.

بۆیە ناکرێت زانکۆکان هەروا تاسەر دەستەوەستان دابنیشن و هیچ نەکەین (چونکە لەلایەك کاتێکی زۆری تیا بەفیڕۆ دەدرێت لەلایەکی تر پارە و خەرجی گشتی تیا بەفیڕۆ دەدرێت). من دەپرسم بۆچی کە سێك دەچێتە ئێران بە (٣-٦) مانگ بەتەواوی فێری زمانی فارسی دەکرێت بۆچی لای ئێمە نا.

کە سێك دەچێتە ڕووسیا - بەریتانیا - ئەڵمانیا لە ماوەی (٦) مانگ تا (١) ساڵ فێری زمانەکانیان دەکرێت، بۆچی لای ئێمە نا. بۆیە داواکارم لەمڕۆوە دوای ئەم کۆنفرانسە دەبێ کار لەسەر ئەوەبکەین جدی بین لەخۆ فێرکردن بۆ زمانەکانی تر، وە بەپەلە و بە ئاسانترین شێواز بەرنامە و پرۆگرام دابنێین بۆ فێرکردنی خەڵکی تر بە زمانی کوردی (زمانی دایك).

لە کۆتایی وتەکەم دەست خۆشی لە توێژەران و بەشداربوانی کۆنفرانس دەکەم. سوپاسی زۆرم بۆ تەواوی لیژنەکانی کۆنفرانس کە هەوڵ و ماندوو بوونی زۆریان داوە بۆ سەرخستنی ئەم کۆنفرانسە، دووبارە بەخێرهاتنی هەموو لایەك دەکەم و سوپاسی هەموو هاوکاران دەکەم. تکایە لەکەم و کوڕیەکان بمان بەخشن و دەست خۆشی و هاندانتان پشت ئەستورترمان دەکات کە بەردەوام بین و ئاستی زانکۆی کۆیە بەرەو پێشتر بچێت.

ڕێزم بۆ هەموو لایەك

پ.ی.د. ولی محمود حمد
سەرۆکی زانکۆی کۆیە
٢٠/٢/٢٠١٨

# وتاری لیژنەی زانستی کۆنفرانسی دڵدار

لەسەردەمی قەیران و شەڕوجەنگدا، ناسنامە، بە کۆی ئەو حەکایەت و سیمبولانەی ناسنامەکە پێکدێنن، دەکەوێتە ژێر پر سیارەوە،. هەرچی لە نا سنامەی کوردیش بڕوانێ، دەزانێ 'ئەی ڕەقیبی' دڵدار ڕەگەزێکی دیار و سیمبولێکی بەرچاویەتی. هەر ئەمەیە وایکردوە دڵدار لە فەزای ئێمەدا فەرامۆش نەکرێ و ڕۆژانە لێرە و لەوێ، بە بۆنە و بێ بۆنە، خۆی بنوێنێ.

ناسنامەی ناسیونالیستانەی هەر گرۆیەکی نەتەوەیی، بۆ ڕەوایەتی بەخشین بە هەبوون و بەردەوامبوونی سەروو زەمەنییانەی خۆی، لەنێو سیمبولەکانیدا خۆی بە یان دەکات. سرودی نەتەوەییش ڕوونترین گوزارشتێکە لە ناسنامە. لە زۆربەی باردا، تێزە ناسیونالیستەکانی تێدا بەرجەستە دەبێ. ئەمە ڕێك سەرەدەری گوتاری ناسیونالیستی کوردی بووە، لە پرۆسێسی بەسیمبولکردنی ئەی رەقیبەکەی دڵدار. پرۆسێسێك، کە نەك تەنیا لە ئاستی دەستەبژێری سیاسی و ڕۆشنبیرییەوە بووە، بەڵکو لە نێو خەیاڵدانی دەستەجەمعیی کوردیشدا، لە کاتی خۆنواندن لە هەمبەر بە ئەویترەوە. بەو مانایەی ئەی ڕەقیب هەر لە ئاستی گوتار نەماوەتەوە، بەڵکو بۆتە بەشێکی پراکتیزەکردنی گوتارەکەش، لە زەمینەی سۆسیۆ - سیاسی کوردیدا. نەك هەر ئەمە، دەقی ئەی رەقیبیش، لەبەر ناوەرۆکەکەی، هەمیشە گفتوگۆ و مشتومڕی لەبارەوە بکرێ؛ پیرۆزبوون و ناپیرۆزبوون، سنووربەزێن یان نەبەزێن، شۆڤینیی یان نا، دژە دین یان شرۆڤەی جیاواز بۆ وشەکانی.

ڕەنگە هەر ئەمە وایکردبێ، کە زۆربەی کات دڵدارناسیی ئێمە لە سنووری ئەی ڕەقیبدا مابێتەوە. ئەو چڕکردنەوەی ناسینی ئێمەش بۆ ئەو، مۆدێلی خوێندنەوەی کایەی ڕۆشنبیری ئێمەیە بۆ کەسێتییەکەی. لەکاتێکدا ئەو، سەرباری تەمەنی کورتی، وا بەئاسانی چڕ ناکرێتەوە. چونکە کەسێتییەکەی فرەڕەهەندەو خوێندنەوەی ئاوای، بەمانای نەخوێندنەوەو نەبینینیەتی.

لە یەکەم هەنگاوەوە، بینینی دڵدار بە تەواوی ڕەهەندەکانییەوە، مەبەستی سەرەکی پشت سازدانی ئەم کۆنفرانسەیە لە زانکۆماندا؛ کەسێتی و بنەماڵەکەی، پێگەیشتنی هزریی و سیاسییانەی، پەرەسەندنی ئەدەبییانەی، پێگەی شیعرییانەی لە دوتوێی نەخشەی ئەدەبی کوردیدا و...هتد.

هەمووومان دەزانین دڵدار ئەی ڕەقیبی نوسیوە، بەڵام زۆر کەممان دڵدار دەناسین وەك کە چۆن ژیاوە. لەو کەمەشمان بەدەگمەن ئاگاداری ئەوەین، کە ئەو کوڕی قۆناغی دابڕانەکانە لە مێژووی کوردیدا؛ دابڕان لە نێو هزری سیاسی لەلایەك و لە نێو ئەدەب و زمانی نوسینی کوردی لەلایەکی دیيەوە.

دابڕان لە هزری سیا سی، تە شەنەکردنی بیری چەپگەرایی بوو، لە دەمی شکستی سەربازییانەی بزوتنەوەی کوردی و بەرفرەبوونی ناسیونالیزمی دەستەبژێرانە، کە حزبێکی وەك هیوا نوێنەرایەتی دەکرد. دڵدار دیارترین نموونەی ناسیونالیستێکی چەپگەر بووە؛ چەپێك ئیش بۆ گر ێدانی چەوساندنەوەی چینایەتی و چەوساندنەوەی کورد دەکات.

لێرەوە ئەو نوێنەرایەتی چەپێکی واقیعی دەکرد نەك خەیاڵی، پێی وابووە گۆڕانی ڕەوشـــی باو، پەیوەســـتە بە گەشـــەســـەندنی ئاگاییەوە. وەك چەپە پەڕگیرەکان نەبووە - بۆ نموونە - وا شرۆڤە بکات، کە جوتیاربوون و چەوســانەوە لە خۆیدا، بەس بێ بۆ بیرکردنەوە لە گۆڕینی ڕەوشــی باو، ئەو دەیبینی کە جوتیاری کورد نەزان و نەخوندەوارن و چاوەڕێی ئەوەی لێناکرێ بە باشـــی لەخۆی بگات؛ نامۆبوون ناســـنامەیەتی و ڕێگەی ئەوەی نەداوە گۆڕان لەلاییدا ببێتە بابەت.

بوونی کۆمەڵایەتییانەی تاك جێگەی ســـەرنجی ئەوە، کە وا لێی تێگەیشـــتووە لە ســـەرووی هەبوونی تاك لەخۆیدایە. ئەو ئەم بوونە لەچوارچێوەی خوێندنەوەی بۆ کەسێتی کورد، شرۆڤە دەکات، بەتایبەت سروشتی کۆمەڵایەتییەنەی کەسێتییەکە: ((هەر فەردێکی لەکورد بیگری زۆر حەز لە "تەسەلوت"و لێ ترسان دەکات. ئەمەش ئاشـکرایە، کە هەر کامێکیان دەسـتی بوو لەم ناحیەوە درێغی ناکات. ئەم خود پەسـندیەی کەباسـم کرد، ئەم ڕەو شتەی کە لەدە شتەکی هێناوەتە وجوود لەدە سەڵاتدارەکان بەغرور وغەدر بەدیار ئەکەوێ، لەبێ دەسـەڵاتەکانیش حەسـادەتی پێ بەخشـیون...بەرامبەر بەپیاوێك، کە لێی بترسـن وەیا ئەمەلی شـتێکی لێ بکەن پیاوی زۆر سەخی وچاوتێرن، بۆ باقیتر قابیلی چرووك ودەست قووچاون ))

ئەو واقیعە کۆمەڵایەتییە، دڵداری بە ئاڕاســـتەی قوتابخانەی ریالیزم بردوە؛ ســـەرســـامییەکانی مرۆڤ و مەینەتییەکانی دەبنە بابەتی شـیعریی، لە قالبێکی نوێی ئەدەبیدا دایڕشـتۆتەوە. بۆیە لە ڕووی ناوەڕۆکەوە بە ئاڕاستەی ژیانی ڕۆژانەی خەڵك و خەمەکانیان بووە و گوزارەی لە هەڵوێستی خۆی بەرامبەر بە دەوروبەرەکەی کردوە. ئەم گۆڕانی ناوەڕۆکەش گۆڕانی بونیادی شـــیعری لەگەڵدا هاتوە و زمانی شـــیعریشـــی بە ئاقارێکی جیاوازدا بردووە.

توێژینەوەکانی ئەم کۆنفرانســـە، ئەم بوارانە و بواری دی هەمە چەشـن لەخۆ دەگرن، لە ژیان و ڕۆڵی سـیاسـی دڵدارەوە بگرە، تا بەرهەمی ئەدەبی و شارەزایی لە کایە ئەدەبییەکان و مە سەلەی شیعرییەت. ئەمە سەرباری ئەی ڕەقیبەکەی و بە سیمبولبوونی..

بەداخەوە هێندێک بواری کاری دڵدار لای بەلادا نەکراوەتەوە، بەپێی ســـەرچاوەکان بێ دڵدار ئابوریناس و ئایینناس و تەنانەت هزرڤانیش بووە. ئەوەی لەمانەش گرنگتر بوو لەم کۆنفرانســـەدا قســـەی لەبارەوە بکرێ بینینی دڵدار بوو لە خۆیدا؛ ســـایکۆلۆژیای دڵدار و دەرکەوتەی لە کۆی کار و چالاکی و بەرهەمەکانیدا. مەبەسـتم ئەو ڕەهەندەی دڵدارە، کە کەسـێکی وەک مەسـعوود محەمەدیشـی سـەرسـام کردووە و نەیتوانیوە باش تێی بگات. بە ووتەی ئەو؛ کردنەوەی دەرگا داخراوەکانی ئەو ژێرزەمینە، کە کەسـێتی دڵدار بوو، کارێکی ئەستەم بووە. کەسێتییەک، کە لەوەدەچێ هەمیشە هەوڵی شاردنەوەی حەقیقەتی خۆی دابێ. بۆیە دەشێ لێکۆڵینەوەی وورد لە نوسینەکانی و گرێدانی دەق بە خودی نوسەر بەهانامانەوە بێ، بۆ تێگەیشتنی باشتری یونسی مەلا ڕەئوفە فەندی خادیمولسوجادە، ناسراو بە دڵدار.

## تەوەرەکانی کۆنفرانس

**١-ژیان و ڕۆڵی سیاسی دڵدار**

– دڵدار، وەکو ڕابەر و پێشەنگی ژیانی پارتایەتی لەکوردستاندا.

– ڕۆڵی دڵدار لەدامەزراندن و ڕێبەرایەتی کۆمەڵەی (دارکەر) و حیزبی (هیوا)دا.

– دڵدار...وەکو پێشەنگی بیری سیاسی و نەتەوەیی پێشکەوتنخواز.

**٢- جیهانی شیعری دڵدار**

– دڵدار...لەمەیدانی نوێکردنەوەی شیعری کوردیدا.

– ڕەنگدانەوەی بیری ناسیونالیستی و نەتەوەیی پێشکەوتنخواز لەشیعری دڵداردا.

– شیعر و ئەدەبی دڵدار لەئاست ڕێبازە ئەدەبییەکانی کلاسیزم و ڕۆمانسیزم و ڕیالیزمدا.

**٣- زمان وەکو ناسنامەی نەتەوە لەهزرو بیرو بەرهەمی دڵدار**

– هەڵویستی دڵدار لەئاست ئەدەب و زمان و نوسینی کوردیدا.

– بایەخدان بەوەرگێڕان و وتارنووسی و پەخشانی کوردی.

**٤- هەر بابەتێکیتری پەیوەندیدار بە ناونیشانی کۆنفرانسەکە.**

بەڕێوەبەری کۆنفرانس : سەرۆکایەتی زانکۆی کۆیە

بەڕێوەبەری لیژنەی زانستی : پ.ی.د.حەیدەر لەشکری

بەڕێوەبەری کارگێڕی و دارایی : پ.ی.د.ڕۆستەم سەلام عەزیز

بەڕێوەبەری ڕاگەیاندن : حازم عەلی ڕەمەزان

**لیژنەی باڵای کۆنفرانس**

| | |
|---|---|
| پ.ی.د.وەلی مەحمود حەمەد | سەرۆکی لیژنە |
| پ.ی.د.حەیدەر لەشکری | ئەندام |
| پ.د.سەعید سالَح حمدامین | ئەندام |
| پ.ی.د.عوسمان دەشتی | ئەندام |
| پ.ی.هیوا حەمید شەریف | ئەندام |
| پێشڕەو سەید برایم | ئەندام |
| حازم عەلی ڕەمەزان | ئەندام |

**لیژنەی زانستیی کۆنفرانس**

| | |
|---|---|
| پ.ی.د.حەیدەر لەشکری | سەرۆکی لیژنە |
| پ.د.عوسمان دەشتی | ئەندام |
| پ.ی.د.جەمال فەتحوڵا | ئەندام |
| د.نەوزاد عومەر | ئەندام |
| پ.ی.د.عومەر مەحمود کەریم | ئەندام |

**لیژنەی کارگێڕی و دارایی**

| | |
|---|---|
| پ.ی.د.رۆستەم سەلام عەزیز | سەرۆکی لیژنە |
| دەروێش ڕەمەزان | ئەندام |
| بەندی محەمەد حسێن | ئەندام |

**لیژنەی ڕاگەیاندن**


| | |
|---|---|
| حازم عەلی ڕەمەزان | سەرۆکی لیژنە |
| سامان فاتح مەجید | ئەندام |
| محەمەد مەغدید عەبدوڵا | ئەندام |
| دڵشاد کاکەڕەش | ئەندام |
| کاردۆ محەمەد عبدالوهاب | ئەندام |
| سەیران حوسێن فەتاح | ئەندام |
| بەندی لوقمان نادر | ئەندام |

**لیژنەی دڵنیایی جۆری**

| | |
|---|---|
| م.ی.محەمەد سەید گوڵ | سەرۆکی لیژنە |
| بەسیدە حەیدەر ئەنوەر | ئەندام |
| سۆران عومەر ڕەشید | ئەندام |

**لیژنەی پێشوازی کۆنفرانس**

| | |
|---|---|
| پ.ی.د.نالی جەواد حەمەد | سەرۆکی لیژنە |
| د.پێشڕەو صمد تۆفیق | ئەندام |
| د.یارا قادر حەمەد | ئەندام |
| م.ی.ئامانج سەلام | ئەندام |
| م.ی.بەهات عبدالرزاق | ئەندام |


KOYA
UNIVERSITY
كۆنفرانسی سێیەمی ناودارانی كۆیە
كۆنفرانسی زانستیی یادی سەد ساڵەی لەدایكبوونی دڵدار ١٩١٨ - ٢٠١٨
بە ناونیشانی ؛دڵدار؛ شاعیری ڕەسەنایەتی زمان و شیعرو هزری نەتەوەیی
- پرۆگرامی كۆنفرانس -

## ڕۆژی یەکەم

سێ شەممە ٣/٢٠

## کردنەوەی کۆنفرانس

## مەراسیمی کردنەوەی کۆنفرانس هۆڵی سەرۆکایەتی زانکۆ

کات : ١٠ - ١٢:٣٠ خولەک

*کردنەوەی کۆنفرانس بە سرودی ئەی ڕەقیب
*وتاری بەڕێز سەرۆکی زانکۆ: پ.ی.د.وەلی مەحمود حەمەد
*وتاری بەڕێز وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی
*وتاری لێژنەی زانستی کۆنفرانس: پ.ی.د.حەیدەر لەشکری
*وتاری بنەماڵەی دڵداری شاعیر
*فیلمێکی دۆکیومێنتی لەبارەی دڵدارەوە
*عەبدوڵا زەنگەنە: جێ پەنجەی دڵدار و خانەوادەکەی لەسەر گۆڤاری گەلاوێژدا

### قسەکەرە سەرەکییەکانی کۆنفرانس

### بەڕێوبەر: پ.د.عوسمان دەشتی - زانکۆی کۆیە

### کات: ٢:٣٠ - ٤:٤٥ خولەک

*مومتاز حەیدەری : ئەی ڕەقیب، مانیفێستی نەتەوەیی
*د.کەمال غەمبار : ڕەسەنایەتیی دڵدار لە بواری زمانی شیعرو هزری نەتەوایەتییدا
*پێشڕەوی سەید برایم : ژیانی سیاسی دڵدار
*فەرەیدون سامان : دیالێکتیکە کوردییەکان و کێشەکانی زمانی ستاندارد

## ڕۆژی دووەم

چوار شەممە ٢/٢١

# پانێڵەکان

## پانێڵی یەکەم: ئەی ڕەقیبی دڵدار

شوێن: هۆڵی سەرۆکایەتی زانکۆ
کات : ٩-١٠:٣٠ خولەک

بەڕێوەبەری پانێڵ:
پ.ی.د.عەلی تاهیر بەرزنجی،
زانکۆی سلێمانی

*پ.د.رەفیق محەمەد شوانی، زانکۆی سەلاحەددین
شاعیریتی دڵدار و لێکدانەوەی سرودی ئەی رەقیب.

*پ.ی.د.کەیوان ئازاد ئەنوەر، زانکۆی سلێمانی
ڕەهەندە مێژوویيەکانی سرودی ئەی ڕەقیبی دڵدار.

*پ.ی.د.رێزان سالح مەولود ، م.ی.سەنگەر نازم حسێن، زانکۆی کۆیە
سرودی ئەی رەقیبی دڵدار لە ئاست سرودی وڵاتانی بیانی لە ڕووی ناوەڕۆکەوە.

پشوو ١٠:٣٠-١١

## پانێڵی دووەم:

## ڕەنگدانەوەی قوتابخانە ئەدەبییەکان لە شیعری دڵداردا

شوێن: هۆڵی سەرۆکایەتی زانکۆ
کات : ١١-١٢:٣٠ خولەک

بەڕێوبەری پانێڵ: پ.ی.د.شنۆ محمد محمود

*پ.ی.د.هاوژین صلیوە عیسا، زانکۆی کۆیە
نوێگەریی کێش و سەروا لە شیعرەکانی دڵداردا.

*د.سروشت جەوهەر حەویز، زانکۆی کۆیە
ڕیالیزم لە شیعرەکانی دڵداردا.

*م.ی.ئەڤین ئاسۆس حەمە، زانکۆی ڕاپەڕین
دڵدار لە کایەی ڕێبازە ئەدەبیەکاندا

## ڕۆژی دووەم

چوار شەممە ٢/٢١

## پانێڵەکان

## پانێڵی یەکەم:
## جیهانبینی ئەدەبیانەی دڵدار

شوێن: هۆڵی ژمارە ٢

کات : ٩-١٠:٣٠ خولەک

بەڕێوەبەری پانێڵ:

پ.ی.د.عومەر مەحمود کەریم

زانکۆی کۆیە

*د.شێروان حسێن حمد، زانکۆی ڕاپەڕین

بونیاد و دەربڕینی چەمکی کات لە چیرۆکە شیعرییەکانی دڵداردا

*م.محەمەد ئەحمەد حەسەن ( حەمە مەنتک )، زانکۆی سەلاحەدین

ناسنامەی لاو لە جیهانبینی شیعری دڵداردا

*م.ی.ڕێزان عوسمان مستەفا، زانکۆی سەلاحەدین

کەسایەتی و بژاردەی کەسیی لە دیدی دڵدارەوە

پشوو ١٠:٣٠-١١

## پانێڵی دووەم:

## پانێڵی دووەم: ڕۆڵی سیاسی و مێژوویی دڵدار

شوێن: هۆڵی ژمارە ٣

کات : ١١-١٢:٣٠ خولەک

بەڕێوەبەری پانێڵ: پ.ی.د.جەمال فەتحولڵا تەیب، زانکۆی کۆیە

*د.قارەمان نادر محەمەد، زانکۆی کۆیە

بەشداریی دڵدار لە پارت و ڕێکخراوە سیاسییە کوردییەکاندا

*م.ئامانج سەلام حەمەدئەمین، زانکۆی کۆیە

چەند وێستگەیەک لە ژیانی دڵدار لە بیرەوەرییەکانی مەسعوود محەمەددا

*م.ی.زانا تەیفور عبد الصمد، زانکۆی کۆیە

ڕۆڵی دڵدار لە دامەزراندنی کۆمەڵەی دارکەردا



## ڕۆژی دووەم

چوار شەممە ٢/٢١

## پانێڵەکان

## پانێڵی یەکەم: ئەی ڕەقیبی دڵدار

شوێن: هۆڵی سەرۆکایەتی زانکۆ
کات : ٩-١٠:٣٠ خولەک

بەڕێوەبەری پانێڵ:
پ.ی.د.عەلی تاهیر بەرزنجی،
زانکۆی سلێمانی

*پ.د.ڕەفیق محەمەد شوانی، زانکۆی سەلاحەددین
شاعیرێتی دڵدار و لێکدانەوەی سرودی ئەی ڕەقیب.
*پ.ی.د.کەیوان ئازاد ئەنوەر، زانکۆی سلێمانی
ڕەهەندە مێژووییەکانی سرودی ئەی ڕەقیبی دڵدار.
*پ.ی.د.ڕێزان سالح مەولود ، م.ی.سەنگەر نازم حسێن، زانکۆی کۆیە
سرودی ئەی ڕەقیبی دڵدار لە ئاست سرودی وڵاتانی بیانی لە ڕووی ناوەڕۆکەوە.

پشوو ١٠:٣٠-١١

---

## پانێڵی دووەم:
## ڕەنگدانەوەی قوتابخانە ئەدەبییەکان لە شیعری دڵداردا

شوێن: هۆڵی سەرۆکایەتی زانکۆ
کات : ١١-١٢:٣٠ خولەک

بەڕێوبەری پانێڵ: پ.ی.د.شنۆ محمد محمود

*پ.ی.د.هاوژین صلێوە عیسا، زانکۆی کۆیە
نوێگەریی کێش و سەروا لە شیعرەکانی دڵداردا.
*د.سروشت جەوهەر حەویز، زانکۆی کۆیە
ڕیالیزم لە شیعرەکانی دڵداردا.
*م.ی.ئەڤین ئاسۆس حەمە، زانکۆی ڕاپەڕین
دڵدار لە کایەی ڕێبازە ئەدەبیەکاندا

## ڕۆژی دووەم

چوار شەممە ٢/٢١

## پانێڵەکان

## پانێڵی یەکەم:
## جیهانبینی ئەدەبیانەی دڵدار

**شوێن: هۆڵی ژمارە ٢**
**کات : ٩-١٠:٣٠ خولەک**

**بەڕێوەبەری پانێڵ:**
**پ.ی.د.عومەر مەحمود کەریم**
**زانکۆی کۆیە**

*د.شێروان حسێن حمد، زانکۆی ڕاپەڕین
بونیاد و دەربڕینی چەمکی کات لە چیرۆکە شیعرییەکانی دڵدارد

*م.محەمەد ئەحمەد حەسەن ( حەمە مەنتک )، زانکۆی سەلاحەدین
ناسنامەی لاو لە جیهانبینی شیعری دڵداردا

*م.ی.ڕێزان عوسمان مستەفا، زانکۆی سەلاحەدین
کەسایەتی و بژاردەی کەسیی لە دیدی دڵدارەوە

پشوو ١٠:٣٠-١١

## پانێڵی دووەم:
## پانێڵی دووەم: ڕۆڵی سیاسی و مێژوویی دڵدار

**شوێن: هۆڵی ژمارە ٢**
**کات : ١١-١٢:٣٠ خولەک**

**بەڕێوەبەری پانێڵ: پ.ی.د.جەمال فەتحولڵا تەیب، زانکۆی کۆیە**

*د.قارەمان نادر محەممەد، زانکۆی کۆیە
بەشداریی دڵدار لە پارت و ڕێکخراوە سیاسییە کوردییەکاندا

*م.ئامانج سەلام حەمەدئەمین، زانکۆی کۆیە
چەند وێستگەیەک لە ژیانی دڵدار لە بیرەوەرییەکانی مەسعوود محەممەدد

*م.ی.زانا تەیفور عبد الصمد، زانکۆی کۆیە
ڕۆڵی دڵدار لە دامەزراندنی کۆمەڵەی دارکەردا

## ڕۆژی سێیەم

پێنج شەممە ٢/٢٢

# پانێڵەکان

## پانێڵی یەکەم:
## لێکۆڵینەوەی فارسی لە بارەی دڵدارەوە

**شوێن: هۆڵی ژمارە ٢**
**کات ٩:٠٠ - ١٠:٣٠ خولەک**

**بەڕێوەبەری پانێڵ:**
**د.هاوکار باپیر بەکر**
**زانکۆی کۆیە**

*پ.ی.د.جیهاد شکری رەشید، زانکۆی سەلاحەددین
مولفەهای نوستالژی در اشعار دلدار

*د.فهری اومر سلێمان و م.مەسعود خورشید، زانکۆی سەلاحەدین
بازتاب مفهوم ناتورالیسم (طبیعتگرایی ) در اشعار دلدار

*م.ی.رۆژگار محەممەد ، زانکۆی کۆیە و م.ی.پەخشان محەممەد زانکۆی سەلاحەدین
ڕۆڵی وشەی فارسی لە شیعرەکانی دڵداردا

پشوو ١٠:٣٠-١١:٠٠

## پانێڵی دووەم : زمان و ئەدەب لای دڵدار

**شوێن: هۆڵی ژمارە ٢ کات : ١١:٠٠-١٢:٣٠ خولەک**

**بەڕێوەبەری پانێل: پ.ی.د.فؤاد ڕشید احمد، زانکۆی سەلاحەدین**

*د.هێمن عەبدولحەمید شەمس، زانکۆی کۆیە
پەیوەندی نێوان زمان و ئەدەب لە دیدی دڵداردا

*د.رۆژان نووری عەبدوڵا و د.یارا قادر حەمد، زانکۆی کۆیە
زمانی پەروەردەیی لە شیعرەکانی دڵداردا

*م.بێستون عارف عەزیز، زانکۆی سلێمانی
بەرپرسیارێتی دڵدار بەرامبەر شێعر و واقیع

*د.عەبدولواحید ئیدریس شەریف ، زانکۆی کۆیە
رەنگدانەوەی بیری ناسیونالیستی و نەتەوەیی پێشکەوتنخواز لە سرودەکانی دڵداردا

## مەراسیمی کۆتایی کۆنفرانس

هۆڵی سەرۆکایەتی زانکۆ
کات: ٢:٣٠ - ٤:٣٠خولەک

وتاری لێژنەکانی هەڵسەنگاندن:
پ.د. عوسمان دەشتی

- ڕۆژانی کۆنفرانس چالاکیی هەمەجۆر ئامادەکراوە.
- ڕۆژانی کۆنفرانس، پێشانگای شێوەکاری لە کتێبخانەی ناوەندیی زانکۆ کراوەیە.

# ئەی ڕەقیبی دڵدار